کورتە چیرۆک

شارلك هۆڵمز

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە

سارا علاءالدین رضا



چاپی یەکەم 2006

چیرۆک

شارێک هۆڵمز

سارا علاء الدین رضا

سلێمانی
٢٠٠٦

ناوی کتێب: شارێك هۆنمز

ناوی وەرگێر: سارا علاء الدین رضا

دیزاینی ناوەوە: دەریا محمد

دیزاینی بەرگ: هونەر وەهبی

چاپ: چاپخانەی رامان

ژمارەی سپاردنی (۱۹۹) ی ساڵی ۲۰۰٦ پێ سپێردراوە

مافی لە چاپ دانی بۆ وەرگێر پارێزراوە

شریتێکی خاڵاوی

چیرۆکەی هێلین

لەکاتی ڕودانی ئەم چیرۆکەدا. مابومەوەلای شارلك هۆڵمزی هاوڕێم بژیم. لەشوقەکەیدا لە شەقامی باکەری لەندەن. بەیانی یەکی زۆر زۆر زوو. ژنێکی گەنج. جلێکی ڕەشی پۆشی بوو. هات بۆ بینینمان، زۆرماندوو خەمبار دیاربوو. دەموچاوی سپی هەڵگەڕابوو، دەستی بەگریان کردوو ووتی: من ئەترسم.. لەمردن ئەترسم. مستەرهۆڵمز تکایە یارمەتیم بدە. من کە تەمەنم سی ساڵ نابێت سەیری قژە ڕەصاصی یەکەم بکە. زۆرئەترسم.

هۆڵمز بەسۆزێکەوە ووتی: بەس دانیشەوچیرۆکی خۆتمان بۆباس بکە "دەستی بەقسەکرد:

من ناوم هێلین ستۆنەرە" لەگەڵ باوە پیارەکەمدا ئەژیم، کە دکتۆر گریمسبی ڕۆیلۆتە. لەدێیەکی نزیك شارین، خێزانەکەی یەکەمجار زۆر دەوڵەمەندبوون. بەڵام کاتێك باوە پیارەکەم لەدایك بوو، پارەیان نەماوەو هەژارکەوتون. ئەویش ئەیخوێند بۆئەوەی ببێتە دکتۆر. بۆیە چووەدەرەوە بۆ هند. لەوێش دایکمی بینی و خواستی. کاتێك کەمن و جولیای خوشکم زۆر منااڵ بووین. باوکمان مردبوو. سەیرکە. شارلك هۆڵمز پرسی: لەوانەیە دایکت پارەیەکی زۆری هەبوبێت؟.

ناخ.بەڵێ. دایکم پارەیەکی زۆری هەبوو. لەوکاتەوە باوە پیارەکەم زۆربەفەقیری نەمایەوە. هۆڵمزووتی: خاتوو ستۆنەر شتی زیاترم

دەربارەی باوە پیارەکەت پێ بڵێ بەدڵنیایی یەوە ئەو پیاوێکی زۆر نازاو ترسناک بوو لەهند یەکەم کەس بوو کەزۆر تووڕە بوو لە خزمەتکارە هند یەکەیی و کوشتی بۆیەبەدیل گیرا دوای ئەوە هەموومان گەڕاینەوە بۆ نینگلتەرا. دایکیشم هەشت ساڵ لەمەو پێش مرد. پاشان باوە پیارەکەم هەموپارەکەی دایکمی برد، بەڵام نەگەر من وجولیا شومان بکردایە. دەبوایە هەموو ساڵێک ٢٥٠ پاوەندی پێ بدایناید هۆڵمزووتی: نێستا نێوە لە دێکەدا لەگەڵیدا دەژین بەڵێ مستەر هۆڵمز وەڵامی هێلین ستۆنەری دایەوە بەڵام ئەو لەماڵەوەدا دەمێنێتەوەو هەرگیز کەس نابینێت: نێستا ئەو زۆر زۆر تووڕەو ترسناکە. هەندێ جار لەگەڵ خەڵکی دانیشتوی دێکەدا ئەجەنگێت نێستا هەموو کەسێک لێی ئەترسێ وهەرکە نەیبینن ڕانەکەن هەروەها خەڵکی لە ناژەڵە ووشکانی یە درندە هندی یەکانی ئەترسان کاتێک بەنازادی بەدەوری باخەکانا ئەسوڕانەوە هاوڕێکانی لەهندەوە بۆیان ناردبوو. ناژەڵەکان تەنها درندەو ناژەڵی ووشکانی نەبوون لەناوباخەکەدا. بەڵکوو مرۆڤی کێوی و گەڕۆکیشی لێ بوو باوە پیارەکەم حەزی لەو خەڵکە درندانە بوو چونکە ئەیانتوانی بەوویست وخواستی ئەو بێن وبچن من وجولیای هەژار ژیانێکی زۆر ناخۆشمان هە بوو هیچ خزمەتکارێکمان نەبوو. هەمیشە بەجێیان ئەهێشتین چونکە لە باوە پیارەکەم زۆر ئەترسان. بۆیە دەبوایە ئێمە هەموو نیشێکی ماڵەکەمان بکردایە. جولیا تەنها سی ساڵ تەمەنی بوو کەمرد بەڵام قژی بەتەواوەتی ڕەصاصی بوو بووەکونێستای من شارلك هۆڵمز پرسی: کەی مرد؟ دوو ساڵ لەمەو پێش مرد. هەر لەبەر

ڕوویە من لێرەم. ئێمە هەرگیز کەسمان نەدەبینی لەدێیەکەدا. بە
هەندێ جار سەردانی چەند خزمێکمان دەکرد کەلەنزیکی لەندەن
دەژیان. لەوێ جولیا پیاوێکی گەنجی بینی و داوای لەجولیاکرد
کەبیخوازێت. باوە پیارەکەم ڕازی بوو بەڵام ماوەیەکی کەم دوای ئەوە
جولیا مرد. خاتوو ستۆنەر دەستی خستە سەرچاوی و بۆماوەی
چەند دەقەیەک گریا. شارلك هۆڵمز چاوی داخستبووکە گوێی بۆ
قسەکانی گرتبوو. بەڵام دوایی چاوەکانی کردەوەو سەیری هێلین
ستۆنەری کردو پێی ووت: هەموو شتێکم دەربارەی مردنەکەی جولیا
پێ بڵێ هێلین وەڵامی دایەوە: من ئەتوانم هەموو ئەوشتانە بەباشی
بێنمەوە یادی خۆم. کاتێکی زۆر ناخۆش بوو. هەرسێ ژووری
نوستنەکانمان لەقاتی خوارەوە بوو. یەکەم ژوریان ژووری باوە
پیارەکەم بوو، ژوورەکەی جولیاش لەتەنیشتی ئەوەوە بوو. ژوورەکەی
تەنیشت جولیاش ژووری من بوو. هەموو ژورەکانیش پەنجەرەیان
لەسەرباخەکە بوو لەناو خانووە کەدا. دەرگاکانیشیان کراوە بوون بۆ
هەوا گۆڕکێ. ئێوارەیەکیان باوە پیارەکەمان جگەرە هندی یە
گەورەکەیی ئەکێشا لە ژوورەکەی خۆی. جولیاش نەیئەتوانی لە
ژوورەکەی خۆیدا بخەوێت چونکە بۆنی دوکەڵەکە ئەچوو بەسەریدا.
بۆیە هات بۆژوورەکەی من بۆ ئەوەی قسەم لەگەڵ بکات. پێش ئەوەی
بگەڕێتەوە بۆ ناو جێگاکەی، پێی ووتم: هێلین تۆ لە نیوە شەودا
گوێت لەفیکە دەبێت؟ منیش بە سەرسامی یەوە ووتم: نەخێر "ئەمە
شتێکی غەریبە" ووتی: هەندێك کات گوێم لەفیکە دەبێت. بەڵام نازانم
لەکوێوە یەت. بۆچی تۆ گوێت لێنابێت؟ پێکەنیم و ووتم: من

لەتۆباشتر ئەنووم. جولیا ڕۆشت بۆ ژوورەکەی حوی. منیش دەرگاکەم لەدوایەوە داخست. شارلك هۆڵمز پرسی: تۆبۆچی دەرگاکەت دانەخست؟ ووتی: ئێمە لەئاژەڵە درندەکان و مرۆڤە کێوی یەکان ئەترساین. هۆڵمز ووتی: تکایە بەردەوام بە. ئەو شەوە نەمتواند بنووم. شەوێکی زۆر زریاناوی بوو. باران وڵێزەمەیەکی زۆر بوو لەپڕێکدا گوێم لەقیژەی ژنێك بوو. کەدەنگی خوشکەکەم بوو. ١- مەمەڕەکەدا ڕام کرد. هەرلەوکاتەشدا گوێم لەفیکە بووچەندچرکەیەك دوای نەوەش جێرەی سنوقێکی ئاسن. نەمئەزانی ئەوە چی یە. ڕامکرد بۆ دەرگای ژووری خوشکەکەم. دەرگاکەی بۆکردمەوەو کەوتەسەر زەوی. دەموچاوی زەرد هەڵگەڕابوو ئەترساو ئەگریا. هیلین یارمەتیم بدە. یارمەتیم بدە. من نە خۆشم من ئە مرم "منیش باوەشم پیادا کرد. بەدەنگێکی بەرز ئەگریا هێلین. ئاخ خوایە گیان. هیلین شریتێك لێرەیە شریتێکی خالاوی!. ئەو وویستی زیاتر بڵێت. بەلام نەی توانی. منیش بانگی باوە پیارەکەمم کرد. کێ هەوڵی دا یارمەتی بدات بەلام ئێمە نەمانتوانی هیچ بکەین. پاشان ئازیزم. خوشکە ئازیزەکەم مرد. هۆڵمز پرسی: ئایاتۆ دڵنیابویت لەئەو فیکەو دەنگی ئەوسندوقەئاسنە؟. هیلین ووتی: منیش وای بۆچووم بەلام زۆر زریانو باران بوو ئەو شەوە. لەوانەیە بەهەڵەدا چووبم. پۆلیس نەیان توانی لەوە تێبگەن خوشکەکەم بۆچی مرد. دەرگاکەی داخرابوو کەسیش نەی ئەتوانی بچێتە ژوورە کەیەوە. هیچ نەخوشیەکیان لەلاشەیدا نەدۆزیەوە. وەنەیانتوانی بزانن کە ئەو شیریتە خالاوی یە چی بوو؟ پیاوە کێویەکان لەوانەبوون کەهەندێك شتیان ئالاندبووە ملیانەوە. من

وای بۆئەچم کەئەولەترسا مردبێت، چونکە زۆر ئەترسا بەلاّم نازانم ئەو لەچی ئەترسا! لەوانە یە لەئەو کێوبانە ترسابێت. ئەی تۆ چۆنی بۆ ئەچیت، مستەر هۆلمز ؟

هۆلمز بۆماوەی دەقیقەیەک بیری کردەوە. ئا !!!! ووتی: ئەمە پرسیارێکی قورسە. بەلاّم تکایە بەردەوام بە. هێلین ستۆنەر ووتی: ئەمە دووسالّ لەمەوپێش بوو. بەبێ خوشکەکەم زۆر هەست بە تەنیایی ئەکەم. مانگێک لەمەو پێش هاوڕێیەکی ئازیزی خۆم داوای لێکردم شوی پێ بکەم. باوە پیاڕە کەم ڕازی بوو ئێمەش وویستمان زۆر بەزوویی بەیەک بگەین بەلاّم دووڕۆژ لەمەو پێش وویستم بچم بۆ ژووری نوستنە کۆنەکەی خوشکەکەم، چۆنکە چەند پیاوێک خەریکی چاک کردنەوەی دیواری ژووری نوستنەکەی خۆم بوون، شەوی ڕابردوو جارێکی تر گوێم لە فیکەکە بوەوە. بۆیە ڕام کردە دەرەوەی ماڵەکەو ڕاستەو خۆ هاتم بۆ لەندەن بۆئەوەی بەدوای یارمەتی تۆدابگەڕێم داوای یارمەتیت لێبکەم تکایەمستەر هۆلمز یارمەتیم بدە.. نامەوێ وەکو جولیا بمرم.

مستە ر هۆلمز ووتی: ئێمە پێویستە بەخێرایی بجوڵێین. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بچین بۆ ماڵەکەی تۆئەتوانین ئەو ژورانە ببینین؟ بەلاّم پێویستە باوە پیاڕەکەت هیچ نەزانێت !.

ئەو ئەمڕۆ لەلەندەنە، وە ئەویش ئەیەوێ تۆ ببینێت، ئۆهـ .. زۆر سوپاس مستەر هۆلمز، واهەستەکەم ئێستا باشترم.

هۆڵمزو واتسۆن

سەردانی خانووەکە دەکەن

هۆڵمز بەیانی یەکەی هاتەدەرەوە بەڵام کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ گەڕایەوەبۆماڵەوە. پاشان بەیەکەوە بە شەمەن نەفەر چوین بۆدێ یەکەو تاکسی یەکمان گرت بۆ ماڵی دکتۆر ڕۆیلۆت. هۆڵمز پێی ووتم: سەیرکە، هاوڕێ ترسناکەکەمان، ڕۆیلۆت؛ پێویستی بەپارەی کچێکە چونکە ئەو سالانە تەنها ٧٥٠ پاوەنی دەدرێتێ لەژنە مردووە کەیەوە ئەم بەیانیە کەچومە دەرەوە ئەمەم دۆزی یەوەلەمەتێگەیشتم بەڵام وەحشی یەکان. فیکەکان، باندەکان، ئەمانە زۆر قورسن تێگەیشتن لێیان. بەڵام وابزانم وەڵامم دەبێت بۆیان. کاتێك ئەسوڕاینەوە. هێلین ستۆنەر سێ ژوورە نوستنەکەی نیشان دایەن. ئێمەش یەکەمجار سەیری ژوورەکەی خۆیمان کرد. هۆڵمز پرسی: بۆچی دیواری ژووری نوستنەکەی تۆیان چاك کردۆتەوە؟ خۆ هیچ کەموکوڕی یەکی تێدا نیە؟ هێلین ووتی: تۆڕاست ئەکەیت. واهەست ئەکەم ئەمە پلانێك بێت بۆ ئەوەی بمگوێزنەوە بۆ ژووری نوستنی خوشکەکەم. هۆڵمز ووتی: بەڵێ چووین بۆ ژوورەکەی جولیا. هۆڵمز بەحەزەرەوە سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی کردو ووتی: کەس ناتوانێت لەدەرەوە بێتە ناوەوە. پاشان سەیری چواردەوری ژوورەکەی کرد. بۆچی ئەم جەرەس و حەبلە لێرەدایە؟ تەنها لەژێر سیسەمی نوستنەکەدا؟ باوە پیارەکەم لەدووسالٌ لەمەو پێشەوە ئەمەی لێرەدا داناوە. ئەمە بۆ بانگکردنی خزمەتکارەکانە. بەڵام من و جولیا هەرگیز ئەمەمان بەکار

نەهێناوە چونکە ئێمە هیچ خزمەتکارێکمان نەبوو. ئەو لەشوێنی هەوا گۆڕەکەشدا دایناببوو. لەنێوان ژوورەکەی خۆیی و ژوورەکەی جولیادا. هۆڵمز حەبلەکەی ڕاکێشا بەڵام بەکارنەهێرابوو. ووتی: چەند سەیرە "پاشان تەنها لەناو هەواگۆڕەکەدایە. ئەمەش دیسان ئاڵۆزە" باشە بۆچی هەواگۆڕەکە تەنها لەناوەوەی دیوارەکەدایە؟ کە واباوە هەمیشە هەواگۆڕ لە دەرەوەی دیواردابێت. پاشان چوویین بۆ ژوورەکەی دکتۆر ڕۆیلۆت. هۆڵمز سندوقێکی گەورەی ئاسنی بینی لەنزیک دیوارەکەوە.

هێلین ووتی: باوە پیاوەکەم وەرەقەی ئیش وکارەکانی خۆی تێدا داناوە. هۆڵمز ووتی: ئایائەو پشیلەشی تیا دائەنێت؟ سەیرکە هەندێک شیر لەقاپێکدا لەسەر سندوقەکەیە. هۆڵمز ووتی: خاتوو ستۆنەر ئێستا هەست ئەکەم ژیانی تۆشەوان لەمەترسیدایە. من و واتسۆنی هاوڕێم پێویستە ئەمشەو لەژووری خوشکەکەتدا بەسەر بەرین. کاتێک تۆ چەند چرکەیەک بێت نوستبیت. من و خاتوو ستۆنەر زۆر بەسەرسامی یەوە سەیریمان دەکرد. بەڵێ ئێمە پێویستە بەردەوام بوو لە قسەکردن، ئێمە ژووریکی ئۆتێلێک دەگرین لەدێکەدا، کاتێک باوە پیارەکەت چوو بۆ نوستن. مۆمێک لە پەنجەرەی ژووری نوستنی خوشکەکەت دا داگیرسێنە و دەرگاکە بەکراوەیی بەجێ بهێڵە. پاشان بچۆ بۆ ژووری کۆنەکەت و ئێمە ش بەناوپەنجەرەکەدا دێین بۆ ژووری نوستنی خوشکەکەت. چاوەڕێی فیکەکەودەنگی سندوقەئاسنەکە دەکەین. هێلین ووتی: مستەر هۆڵمز خوشکەکەم چۆن مرد؟ تۆ دەزانیت؟ تکایە پێم بڵێ. هێلین قۆڵی شارلك هۆڵمزی

گرتبوو. شارلك هۆلمز هەر ئەیوتەوە: من پێویستە زۆر زیاتر شت بدۆزمەوە پێش ئەوەی بەتۆ بڵێم خاتوو ستۆنەر، ئێستاش خوا حافیزو مەیش ترسە. ئێمە بەناو دێکەدا پیاسە دەکەین، هەروەها هۆلمز بەمنیشی ووت: بەدڵنیایی ئەمشەو شەوێکی ترسناك دەبێت. ڕۆیلۆت پیاوێکی زۆر نازاو ترسناکە، منیش ووتم: بەڵام ئەگەر من بتوانم یارمەتیت بدەم . نەبێت هەر لەگەڵت بێم؟ سوپاس واتسۆن. بەدڵنیایی پێویستم بەیارمەتی تۆ دەبێت. تۆ نەو جەرەس و، حەبلە دەبینیت لەگەڵ هەواگۆڕەکە؟ پێش ئەوەی بێین من دەربارەی نەو هەواگۆڕە شتم ئەزانی. بەدڵنیایی، ئەوە ئەو کونەیەکە لەنێوان دوو ژووردایە. سەیر لەوەدایە چۆن خوشکەکەی هێلین بۆنی جگەرەکەی ڕۆیلۆتی کردووە.؟ بەگریانەوە ووتم: ئازیزم هۆلمز تۆچەندە زیرەکیت!! هۆلمز ووتی: ئەو سیسەمی نوستنە دەبینیت؟ کە چەقێنراوەتە ناو زەوی یەکەوە.؟ جولیا نەیتوانیوە بیجوڵێنێت. بۆیە پێویست بووە لەژێر حەبلەکەدا بمێنێتەوە. هەر یەکەشیان لەنزیکی هەوا گۆڕەکەوەن. هۆلمز خەریکەتێئەگەم. ئەمە چ تاوانێکی گەورەو چەپەڵە، بەڵێ. ئەو دکتۆرە پیاوێکی زۆر زیرەك بووە، بەڵام واتسۆن من وا هەستەکەم ئێمە ئەتوانین بیوەستێنین.

مردن لەشەودا

ئەر ـوە، کاتێك مۆمەکەی هێلین ستۆنەرمان بینی گەڕاینەوە بۆ ماڵەکە، لەگەڵ هۆڵمز بە هێواشی بەناو پەنجەرەکەدا چوینە ژوورەوە. پاشان بەبێ دەنگی چاوەڕێمان کرد لە ژوورەکەی ناوەڕاست دا بەتاریکی، (٣) سەعات چاوەڕوان بووین وجوڵەمان نەکرد. لەپڕێکدا ڕوناکی یەکمان بینی و گوێمان لە دەنگێك بوو لە ژوورەکەی دکتۆر ڕۆیلۆت، بەڵام هیچ شتێك ڕووی نەدابوو. دیسانەوە لەتاریکیدا چاوەڕوان بووین، پاشان گوێمان لەچەند دەنگێکی جیاوازبوو. دەنگێکی زۆر هێواش، هۆڵمز لەپڕێکدا خۆی هەڵدابۆ سەرەوەو حەبلی جەرەسەکەی زۆر بەخێرایی ڕاکێشا. هاواری کردو ووتی: واتسۆن تۆ دەتوانی ئەوە ببینیت؟ بەڵام من هیچم نەبینی. فیکەیەکی هێواش دەنگی دەهات. ئێمە هەردووکمان سەیری سەرەوە مان کرد بۆ هەواگۆڕەکە، لەپڕێکدا گوێمان لەگریانێکی ترسناك بوو لەژوورەکەی تەنیشتمان. ماڵەکە دیسانەوە بێدەنگ بووەو، پرسیم ئەو پیاوە چی یەتی؟ دەنگم بچڕ بچڕ بوو، هۆڵمز وەڵامی دایەوە: ئەو کۆتایی پێهات. بابڕۆین وببینین، چووین بۆ ژورەکەی دکتۆر ڕۆیلۆت. سندوقە ئاسنەکەکرابووەو. ڕۆیلۆت لەسەر کورسی یەك دانیشتبوو. چاوەکانی دەرپەڕیبون بەرەو هەوا گۆڕەکە، ڕووخساریکی زەرد هەڵگەڕاوو سەیری هەبوو، ئەو مردبوو. هۆڵمز زۆر بە هێواشی ووتی: ئەو شریتە ئەو شریتەخاڵاوی یە، شریتەکەجولاوەو دەستیان کردووە بە سوڕانەوە ئەمە دەستە. زۆر بەحەزەر بە واتسۆن ئەوە مارە مار. ماری

هندیەو ژەهراوییە ئەتوانێت زۆر بەخێرایی بتکوژێت. هۆڵمز گریا. ڕۆیلۆت دەست بەجێ مردووە. ئێمە دەبێت ئەو مارە لەپشت ئەم سندوقەوە دابنێین. زۆر زۆر بەحەزەرەوە. هۆڵمز مارەکەی گرت و فڕێی دایە ناو سندوقە ئاسنەکەوە. ووتم: بەڵام تۆچی دەزانیت دەربارەی ئەم مارە؟ هۆڵمز واتسۆن یەکەمجار وامزانی کە ئەوە درندەکان بوون. بەڵام لەپاشاندا تێگەیشتم، وام بەبیرداهات کە لەوانەیە چەند شتێك لەناو هەواگۆڕەکەوە هاتبێت و لەژێر جەرەس و حەبلەکەوە و کەوتبێتە سەر جێگای نوستنەکەی. پاشان شیرهەیە، کە بەدڵنیاییەوە مار شیر دەخواتەوە، ئەمە ئاسان بوو بۆ دکتۆرێکی ئاژەڵی هندی، پاشان لەبەرئەوەی ئەو دکتۆر بوو ئەوەی ئەزانی کە ژەهری ئەو مارە زۆر سەختە دۆزینەوەی لەلاشەی مردوویەکدا.

هەروەها ئەو هەموو شەوێ مارەکەی فڕێ ئەدایە ناو هەوا گۆڕەکەوە وئەویش بە تۆپ و حەبلەکەدا ئەهاتەخوارەوە بۆسەرجێگای نوستنەکە، بەدڵنیاییەوە هیچ کەسێك نەدەبوو مارەکە ببینێت، وە هەموو شەوێك فیکەی لێدەدا بۆئەوەی مارەکە بانگ بکات بگەڕێتەوە بۆ دواوە ئەو دەنگەی کەلەناوەڕاستی شەودا هەستی پێدەکرا ئەوەدەنگی دەرگای سندوقە ئاسنەکەبوو کە کردبووی بەمالّی مارەکە، لەوانەیە مارەکە جەند جارێك بەناو هەواگۆڕەکەدا هاتبێت پێش ئەوەی جولیا بکوژێت بەڵام لەکۆتایدا جولیای کوشت، وەهیلین یش لەمردن نزیك بوەوە بەهۆی مارەکەوە. بەڵام لەشەودا کاتێك من مارەکەم ڕاکێشا بەحەبلەکە تورەبوەو بەناو هەواگۆڕەکەدا گەڕاوەتەوە بۆدواوەو دکتۆریشی کوشتووە، من بە داخاوەنیم دەربارەی ئەمە.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە هیلین ستۆنەر شووی کرد بە کورە گەنجەکەو هەولی دا مردنی سەختی خوشکەکەیی و باوە پیاوەکەی لە بیر بکات. بەلام بەدلنییایەوە هەرگیز ئەو شریتەخالاوی یەی لەبیر ناچێتەوە.

ووتی ووتی لە بۆ هیمیا
هەڵەی پادشا

بۆشارلك هۆڵمز تەنها یەك ژن هەبوو لەژیاندا. ئەو ژنەکەی خۆش نەئەویست. لەبەرئەوەی ئەو هەرگیز ژنی خۆش نەئەویست. بەلام لەدوای بینینی یەوە ئەو هەرگیز ژنەکەی بیر نە ئەچوەوە کەناوی ئیرین ئادلەر بوو.

شەوێکیان لەمانگی مارچ دا سەردانی هاوڕێ کۆنەکەمم کرد بۆماڵەکەی خۆی لە شەقامی باکەر

لەوکاتەدا من ژنم هێنابوو وە هێشتا ئەوم نە بینیبوو. ئەو پێی ووتم: وەرە واتسۆن دانیشە خۆشحاڵم بەبینینت چونکە هەندێك شت ئەهێنم نیشانی تۆی ئەدەم بزانم بۆچونت چی ئەبێ دەربارەیان" ئەمە لە پۆستی پێشوودا گەیشتووە. ووتی: ئەمە نامەیەکە. کە نە ڕۆژ نە ناو نە عینوانی لەسەر نەنوسراوە. ووتم: لە شەودا یەکێك سەردانی تۆی کردووە بۆ گفتو گۆکردن دەربارەی کارێکی زۆر نهێنی تۆ پێویستە یارمەتی کەسانی مەزنی تر بدەیت. تۆ ئەتوانیت ر ئێمەش هیوا خوازین. یارمەتی ئێمە بدە بەوەی لەژورەکەی خۆت بیت کاتژمێر

(٧:٤٥)ی ئێواره، هۆڵمز پرسیاری کرد وەرەقەکان. تۆچۆن دەربارەی ئەم وەرەقانە بیر دەکەیتەوە؟ من هەوڵدەدەم وەکو هۆڵمز بیر بکەمەوە. ئەو وەرەقانە زۆر گرانبەهان، بۆیە ئەم کەسە دەوڵەمەندە، ئەوانەچەند وەرەقەیەکی غەریبن، بەڵێ: ئەو کاغەزانە ئینگلیزی نین ئەگەر سەیریان بکەیت لەبەر ڕوناکی ئەبینیت ئەوانە لە بوهیمیاو ئەڵمانیا دروست کراون، من واهەستەکەم نامەکان نوسراون. ئۆو ئەوە پیاوەکەمان گەیشت ئەتوانین گوێبیستی ئەسپەکان بین لەشەقامەکەدا، پرسیم: من ئەبێت بڕۆم؟ هاوڕێکەم وەلامی دایەوە نەخێر.. نەخێر.. من پێویستم بەیارمەتیت دەبێت.: بەدڵنیایی ئەوە ئاسان دەبێت. لەدەرگا درا، هۆڵمز بانگی کرد وەرە ژورەوە. پیاوێکی بالاّ بەرزی بەخۆوەبووهاتە ژورەوە، جلێکی گرانبەهای لەبەردابوو، قیناعێکی دابوو بەسەردەموچاویداو ووتی: تۆدەتوانیت بە کۆنت ڤان کرام بانگم بکەیت، من لە بۆهیمیاوە هاتووم. کارەکەم زۆر گرنگە، پێش ئەوەی دەربارەی کارەکەم قسەت بۆ بکەم، خۆپێت ناخۆش نابێت جگەرەیەك دابگیرسێنم؟ پێکەوە ووتمان: ئێمەش دایئەگیرسێنین.

مرۆڤە خاوەن پلەوپایەکە، کەخۆی لەشانی خێزانە پادشاو گەورەکان دەدا. ڕێگەم پێ دەدەیت دەربارەی کارەکەم بدوێم؟ دەستی پێکرد. من قیناعم لەسەرکردووە بۆئەوەی کەس نەتوانێت بزانێت چ مرۆڤێکم، پێویستە ڕوونی بکەمەوە کە ئەم کارە چەندگرنگە. ئەگەر تۆ توانای یارمەتیت نەبێت، ئەوە زۆر قورس و گران ئەبێت بۆ یەکێك لە خێزانە بەناوبانگ و گرنگەکانی ئەوروپا و بێگومان عەیب وعارێکی

گەورە یە. من قسە دەربارەی خانوە بەناوبانگەکەی ئۆرمستین. پاشای بۆهیما. دەکەم، هۆڵمز ووتی: من دەزانم گەورەم، ئەو بەهێواشی مژی لەجگەرەکەی دەدا. پیاوەکە لەسەرکورسییەکەیەوە بەرزبووەوەو هاواری کرد: چیی!! تۆ چۆن دەزانیت من کێم؟! پاشان قیناعەت لەسەر دەموچاوی بەرزکردەوەو فڕێی دایە سەر زەوی، تۆ ڕاد دەکەیت، من چۆن ئە توانم ئەوە بشارمەوە کە من پادشاکەم. وویلهێڵم ڤان ئۆڕمستێنم، پادشای بۆهیمیا. من هاتووم تۆببیە چونکە ناتوانم چیرۆکی خۆم لای هیچ کەسێکیترباس بکەم. ئەمەش ئەبێت نهێنی بێت. تێگەیشتیت؟ هۆڵمز ووتی: زۆر بەباشی تێگەیشتم بەردەوام بە، عەینەکەکەیی لەچاوکردوو گوێی بۆگرت. پێنج ساڵ لەمەوپێش. گەیشتم بەژنێك بە ئیرین ئادلەر بانگیان دەکرد، ئێمە.....، هۆڵمز ووتی: ئاە ئیرین ئادلەری گۆرانی بێژ لە ساڵی (١٨٥٠) لەدایك بوو، لە لەندەن ئەژیا، ژنێکی زۆرجوان بوو، من بیستومە... سەیرێکی پاشاکەی کرد، تۆلەگەڵ ئەو... تۆ ماوەیەك ئەوت خۆش ویستبوو؟ پاشان وازت لێهێنا؟ بەڵام پێش ئەوەی وازی لێ بهێنیت، لەوانەیە تۆ چەند نامەیەکت بۆ نوسیبێت؟ ئێستاش ئەتەوێ ئەونامانە بگەڕێنیتەوە؟

- ئەمەڕاستە..

-ئایاتۆخوازبێنیت کرد؟

-نەخێر.

ئەی ئەوداوای پارەی لێکردیت بەرانبەر بەوەی نامەکانت پیشان بدات ؟ تۆئەتوانیت ئەوە بڵێیت کە ئەونامانە تۆ نەتنوسیون؟

- بەڵام مستەر هۆڵمز ئەو وێنەی منیشی لەلایە.
- تۆئەتوانیت ئەوە بڵێیت کەتۆ ئەو وێنانەت نەداوەتێ؟.
- ئێمەهەردووکمان لەوێنەکەداین.
- ئۆھ بەڕێزم، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، بۆ جەنابتان.
- من دەزانم بێعەقڵ بووم.. بەڵام ئەوکاتە زۆر گەنج بووم.!
- تۆ دەبێت ئەو وێنانە بگێڕیتەوە، دەتوانیت لەماڵەکەیدا بیدزیت؟
- پێنج جارهەوڵم داوە بەڵام پیاوەکانم ناتوانن بیدۆزنەوە، من چیم لەدەست یەت بیکەم؟
- هۆڵمزپێکەنی. ئەوە زۆرئاسانە. ئەبێت ئەو چۆن پلانێکی بۆ ئەو وێنانە دانابێت؟
- لەماوەیەکی نزیکدا دەچم کڵۆتێڵد لۆپمان قان سەیخە دەخوازم کە کچی پادشای سکاندیناڤایە، بەدڵنیاییەوە تۆدەزانیت کە ئێمە هەردوکمان دووخێزانی گەورەو گرنگین لە خێزانە پادشاکانی ئەوروپا. بەدڵنیایی کڵۆتێڵد هەرگیز ڕازی نابێت ببێت بە هاوسەرم ئەگەربزانێت کەمن ئەوەم هەبووە.... هاوڕێی ئیرین ئادێڵ، دڵنیام تۆنازانیت ئیرین ئادێڵ کێیە. ئەوژنێکی زۆر جوان و قەشەنگ بوو بەڵام ئەیتوانی وەکو پیاو بەهێز بێت، زۆرتوڕە بوو کاتێك وازم لێهێنا نەیدەویست من هیچ ژنێکی تربخوازم، ئەوە دەزانم و دڵنیام لەوەی کە وێنەکان دەنێرێت بۆ خێزانی سەیخ، ئەوکاتەش ئەوە دەبێتە فەزیحەو

ـەیب وعارێکی سەخت، پێویستە ئێمەلائەو وێنانە بدۆزینـەوە پێش ئەوەی ئەو بۆیان بنێرێت.!

- هۆڵمز ووتی: من دڵنیام لەوەی کەدەیاندۆزینەوە. دڵنیام تۆ لـە لەندەن دەمێنیتەوە؟ بەدڵنیایی بۆت دەنوسم و پێت دەڵێم چی ڕوویداوە، لەگەڵ پارەکە...؟

- پادشاکە جانتایەکی دەستی زۆر گەورەی لەسـەرمێزەکەدانـاو ووتی: من پێویستە ئەو وێنانەم دەست کەوێ، ئەوە یەك هەزار پاوەندە لێرەدا، ئەگەرپارەی زیاترت پێویست بوو،ئـەوە دوو دڵ مەبـە لەداواکردنی، پارەگرنگ نییـە. هۆڵمز ووتـی: لەگـەڵ ناونیشانی ژنە گەنجەکە.

- بڕۆنـی لـۆدج،سـێپێنتاین ئـەڤینیۆ، شـەقامی جۆنـس وود، لەندەن.

- هۆڵمز ووتی: شەوت شادگەورەم، هیوادارم لەماوەیەکی نزیکدا هەندێك هەواڵی باشت پێبگەیـەنم. پادشا ڕۆشـت، هۆڵمزیـش ئاوڕی بۆمن دایەوە، شەو یەکی شاد.. واتسۆن. تکایە سبەینێ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ بگەڕێوە بۆلام.

خزمەتکارێك
لەدەوە دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی داهاتوو کاتێك گەڕامەوە، هۆڵمز لەماڵەوە نەبوومنیش لە ژوورەکەیدا چاوەڕێم دەکرد، لە سەعات (٤)ی تەواودا دەرگاکەکرایەوە، خزمەتکارێکی زۆر سەیروغەریب هاتەژورەوە، جلێکی پاکی کۆنی لەبەردابوو، زۆربەسەرسامی یەوە سەیرم دەکرد پێش ئەوەی بزانم کە ئەمە هاوڕێ کۆنەکەمە.

هاوارمکرد: هۆڵمزتۆئەبێ لەکوێ بیت؟

بە پێکەنینەوە بەدوامدا ووتییەوە، من لە ڕۆژێکی زۆرباشدام. لەدەرەوەی ماڵەکەی خاتوو ئارین ئەدلێرس بووم، خزمەتکارەکان هەمیشە دڵخۆشبوون بەقسەکان، لەگەڵ ئەوەشا گوێم لە چەند قسەیەك بوو دەربارەی ژنە گەنجەکە، بۆ نمونە، هاوڕێیەکی پیاوی زۆر باشی هەیە ناوی گۆدفری نۆرتەنە، ئەو پارێزەرەی هەمیشە سەردانی دەکرد، ئێستاچی؟ ئەگەر ئەو پارێزەری ئەوبێت، لەوانەیە هەموو وێنەکانی بەئامادەکراوی پێ دابیت، بەڵام ئایا پارێزەرەکە ئارینی خۆش ویستووە؟ ئارین وویستی وێنەکانی نیشان بدات؟

ووتم: هۆڵمزشتێکی زۆر سەیرە! هەرلەوساتەدامن لەوێ بووم، مستەر نۆرتەن خۆی لەپڕێکدا شوێنەکەی بەجێهێشت. من لە پەنجەرەکەوە سەیرم ئەکردن، کاتێك ئەو ڕۆشت، خۆی فڕێدایە تاکسی یەکەوە، بەرەو کەنیسەیەك چوو لە شەقامی مۆنیکا، کەبەهەموتوانی کەبتوانێت،! هاواری کرد. دوو دەقە دواتر خاتوو ئەدلێری کردە دەرەوە لەماڵەکەیخۆی. خۆی فڕێدایە تاکسی یەکی تریەوە وهاواری کرد، بڕۆبۆکەنیسە لە لە شەقامی مۆنیکا. بەخێرایی!!

واتسۆن نەمتوانی لەوە تێبگەم، منیش خۆم فرێدایە ناوسینیەم تاکسی و، کاتێك من بەڕێکەوتم ئەڕۆشتم بەرەو کەنیسەکە. گۆدفری نۆرتەن، سەیری دواوەی کردوو منی بینی

هاواریکرد: سوپاس بۆخوا،خێراوەرە بۆئێرە،!

من پرسیم بۆچی؟ وەرە پیاوەکە ئێمە پێویستیمان پێتە، پاشان یارمەتی گۆدفری نۆرتەنم دا بۆئەوەی ئارین ئەدلێر بخوازێت. ئەوان پێویستیان بەشایەت هەبوو، لەگەڵ خزمەتکارێکی سەرشەقامەکە باشترەلەوەی کەکەسی لێنەبێت.

پاشان شووی پێکرد،! پرسیم: ئێمە ئێستاچی بکەین؟

ئازیزم واتسۆن دڵنیابە لەشەودا، پێویستم بەیارمەتیت دەبێتن. تۆئەزانیت من داوای چی ئەکەم؟ بەبێ پرسیارکردن؟ بڵێ بەخۆشحاڵی یەوە هۆڵمز، وەلاّم دایەوە: ئەگەر وابزانیت ئەمە گرنگترە.

دوای ئەوە،

چووین بۆ بیرۆنی لۆدج، ئارین ئەدلێر، یان ئارین نۆرتەن، لەسەعات (٧)تەواودا ماڵەوە بەجێدەهێڵێت. دڵنیاشم داوام لێدەکات بچمەناو ماڵەکەیەوە، تۆ دەبێت لەدەرەوە چاوەڕوان بیت لەنزیك پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەوە: کە کرایەوە، سەیری من بکە لە ناوەوە. کاتێك دەستم بەرزدەکەمەوە، ئەم شتە فرێبدە ناو ژوورەکەوەو هاواربکە. ئاگر..!! شتێکی بچوك لە دەرەوە نەدەمە دەستت. وونتم هۆڵمز ئەو شتە چییە؟ ئەو شتە پاکەتێك جگەرەیە. ژوورەکە زۆر بە خێرایی پڕدەبێت لەدووکەڵ. دوای ئەوە، لەسەر سوچی کۆڵانەکە چاوەڕێم بکە.

وونتم: دڵنیابە ئەوە دەکەم کە تۆ دەتەوێ.

ئاگر

ئەو ئێوارەش هۆڵمز کلاوێکی ڕەش و جلی گەورەو جیاوازی لەبەرکرد، ئەو تەنها جلەکانی جیاواز نەبوون، دەموچاوی و قژی و هەمووشتێکی خۆی گۆڕیبوو، پیاوێکی جیاوازبووبەناو سێرپێنتاین ئەقینۆ دابەیەکەوە پیاسەمان دەکرد، خەڵکێکی زۆریش لەناو ماڵەکەدابوون. کۆمەڵێکیش لەدەوری دوکەڵەکەپێئەکەنین وقسەیان دەکرد من و هۆڵمزیش هاتوو چۆمان دەکرد لە بەردەم ماڵەکەدا.

هۆڵمز پێی ووتم: "تۆدەبینیت" وای بۆ دەچم کە ئەو نەیویستبێ مێردە تازەکەی دەربارەی وێنەکان هیچ بزانێت، بەڵام ئایا وێنەکان لەکوێن؟ ئایا لەبانك داینـاوە؟ نەخێر ژنان حەز ئەکەن شتە گرنگەکانیان لەلای خۆیان بهێڵنەوە. من دڵنیام کە وێنەکان لە ماڵەکەیدان.

ووتم: بەڵام پیاوەکانی پادشا زۆر هەوڵی دۆزینەوەیان داوە.

هۆڵمز ووتی: بەڵێ بەڵام ئەوان نەیانزانیوە سەیری کوێ بکەن.

ووتم: بەڵام تۆچۆن دەزانیت؟

من وویستم ببینم، خۆی پیشانی دام، هەرلەوکاتەدا تاکسیەکە گەیشت، پیاوێك لەپیاوەکانی سەرشەقامەکە ڕایکرد بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام پیاوەکانی تر وەستاندیان و نەیانهێشت. پیاوەکانی تر هەمویان وەستان و هاواریان ئەکرد، شەڕو هەرا دەستی پێکرد، ئارین نۆرتەن لەناوەڕاستێ ئەمەدابوو. بەڵام شارلك هۆڵمز ڕایکرد بۆئەوەی یارمەتی بدات. پاشان لەپڕێکدا کەوت

بەزەویدا. خوێنیش بەدەموچاوی هۆڵمزدا ئەهاتەخوارەوە. ئارین نۆرتەن، پەلەی کردبۆدەرگاکەی تەنیشتی، بەڵام سەیرێکی دواوەی کرد، هاواریکرد: کێیەك لەئەوان یارمەتی منی دا! ئەوپیاوە هەژارەبریندارەبووە؟

چەند دەنگێك هاواری کرد: مردووە!

ئەوانی تر هاواریانکرد: نەخێرتەنهابریندابووە.

ئارین ووتی: بیبەنە ژووری دانیشتن، چەندکەسێك هۆڵمزیان گواستەوە بۆناو ماڵەکە، لەدەرەوەی پەنجەرەکە سەیرم ئەکردو چاوەڕوان بووم. بینیم ئارین نۆرتەن چۆن جوانێکە! پاشان هۆڵمز دەستی بەرز کردەوە، منیش دارە دوکوڵاوی یەکەم فڕێدایە ناوژوورەکەوە، ڕاستەوخۆ خەڵکی سەرشەقام وناوماڵەکە دەستیانکرد بەقیژاندن و بەدەنگێکی زۆربەرز ئەیان ووت (ئاگر) ماڵەکە پڕ بوو لە دوکەڵ. بە ڕێگەدا ئەڕۆشتم، (١٠) دەقیقە دوای ئەوە هۆڵمز هات بۆ بینینم، ووتی: واتسۆن دەسکەوتێکی باش بوو.

پرسیم: ئەبێت وێنەکانت هێنابێ؟

وەڵامی دامەوە: من ئەزانم لەکوێدایە خۆی پیشانی داوم. بەڵام بۆچی پیشانی تۆی داوە؟ پێکەنی و ووتی: ئەوە ئاسانە تۆئەو هەموو خەڵکەت لەسەر شەقامەکە بینی، داوام لێکردبوون یارمەتیمان بدەن، ئەوە شەڕو هەرا نەبوو، خوێنەکەش ڕاستی نەبوو، کاتێك خەڵکەکەهاواریکرد" ئاگر" ژنەکە ڕایکرد بۆ شتە زۆر گرنگەکانی خۆی لەماڵەکەدا، منالەکەی، ئاڵتونەکانی، یان... وێنەکان. خاتوو نۆرتەن ڕایکرد بۆدۆزینەوەی وێنەکانی، کە لەناو سندوقی جلەکانیدا

بوو لەژووری دانیشتنەکە، من ئەمەم بینی، بەڵام نەمبردن، دڵنیابووم بۆ سبەینێ لەگەڵ پادشادا دەگەڕێینەوە بۆماڵەکە، بەڵام زۆر زوو پێش ئەوەی ئەو لەخەو هەڵسێت. پادشا بەدەستی خۆی دەتوانێت وێنەکان لەسندوقەکە دەربهێنێت. پاشان دەڕۆین. کاتێك هۆڵمزقسەی دەکرد، دەگەڕاینەوە بۆماڵەوە لە شەقامی باکەر، کاتێك گەیشتینە ماڵی هاوڕێکەم، پیاوێکی گەنج بەخێرایی دوامانکەوتبوو، ووتی: مستەر شارلك هۆڵمز شەوێکی شاد. هۆڵمز پێی ووتم پێشتر گوێم لەو دەنگەبووە، سەیرێکی خوارەوەی شەقامەکەی کرد، بەڵام ئەوە کێ بوو؟!!!

وێنەکان

بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ پادشادا چووین بۆ ماڵەکەی ئارین نۆرتەن، خزمەتکارە کۆنەکە دەرگاکەی لێکردینەوە، پێکەنی و ووتی: مستەر شارلك هۆڵمز؟! هاوڕێکەم ووتی: بەڵێ، زۆر بەسەرسامیەوە سەیری دەکرد. خاتوو ئارین نۆرتەن و هاوسەرەکەی ئەم بەیانی یە ئینگلتەرا جێ بەجێهێشت و هەرگیزناگەڕێنەوە بۆئەم وولاتە، هۆڵمز هاواریکرد: چی؟؟! دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاو تورەبوو، پادشا هاواریکرد: ئەی وێنەکان؟ هەمومان ڕامانکرد بۆ ژووری دانیشتنەکە، هۆڵمز ڕایکرد بۆ سندوقەکەو کردییەوە، وێنەی لەناودابوو، بەڵام وێنەی ئارین ئادلەرو پادشا نەبوون، بەڵکو وێنەی ئارین ی شۆخ و شەنگ بوو بەتەنها. تەنها نامەیەك بوو بۆ شارلك هۆڵمزو هەموماڵ بەیەکەوە خوێندمانەوە.

ئازیزم مستەر شارلك هۆڵمز. تۆ زۆر بە باشی ئەوە ئەزانیت من وامزانی کە ئەوە ئاگرێکی ڕاستییەو تۆش تەنها یەکێکیت لە پیاوە دێرینەکان. بەڵام دوای ئەوەی سندوقەکەم کردەوە دەستمکرد بەبیرکردنەوە، دەربارەی شارلك هۆڵمزی بەناوبانگ شتم دەزانی. ناونیشانی تۆم ئەزانی، ئەوەشم دەزانی کە ئەو پادشایە داوای لێکردویت ئەو وێنانەی بۆبدۆزیتەوە. زۆر بەخێرایی جلی پیاوێکی گەنجم لەبەرکردوو دوات کەوتم بۆماڵەکەت لە شەقامی باکەر. وویستم لەدەرەوە ئەوە بدۆزمەوە کە ئایا تۆ بەڕاستی شارلك هۆڵمز بوویت. لەدەرەوەی دەرگاکەت پێم وتیت "شەوت شاد"! من و هاوسەرەکەم بیرمان لەوە کردەوە کە ئینگلتەرا بەجێبهێڵین، تکایە ئەوە بەپادشا ڕابگەیەنە کە دڵنیا بێت لەوەی وێنەکان پیشانی هیچ کەسێك نادەم. من هاوسەرەکەمم خۆش دەوێت و ئەویش منی خۆش دەوێت. ئەو زۆر پیاوێکی باشترە لەپادشا، بەڵام چەند وێنەیەکی جیاواز هەیە، پادشاش دەتوانێت کۆیان بکاتەوە، ئەگەرحەزبکات.

ئارین نۆرتەن

پادشاهاواری کرد: ئەو ژنە چییە؟ من بۆچی نەمخواست؟ ئەوە چۆن ژنێکە؟! شارلك هۆڵمز بە دەنگێکی بەرز ووتی: ژنێکی زۆر زۆر زیرەکە. ببورە گەورەم. ئەم کارە بەدڵنیایی تەواونەبووە. پادشاووتی: نەخێر نەخێر، ئەووای نوسیوە کەدڵنیابم لەوەی هەرگیز وێنەکان نیشانی کەس نادات. من لەو ووشەیە زیاترم ناوێت، ئێستا هیچ مەترسییەکی لەسەرم نی یە، ئازیزم مستەر هۆڵمز چۆن بتوانم سوپاست بکەم؟! گەورەم من تەنها هیواخوازی شتێکم. پادشا ووتی: جارێ پێم بڵێی بزانم چییە.

- ئەو وێنانە.

پادشا بەسەرسامی‌یەوە سەیرێکی کرد، هاواری کرد: وێنەکانی ئارین؟ بەڵام دڵنیابە کەهی تۆن. لەگەڵ ئەوەشدا عەیب وعارێکی گەورە نەبوو بۆ خێزانی پادشایی ئەوروپا. شارلك هۆڵمز هەر وێنەی ئەو ژنەی لەلای خۆی هەڵگرتبوو کە لە خۆی زیرەکتربوو.

٣

پێنج شوشە پرتەقاڵەکە

چیرۆکی مامە ئیلیاس

لە سێپتەمبەری ساڵی ١٨٨٧ ژنەکەم سەردانی چەندخێزانێکی کرد، لەگەڵ شارلك هۆڵمزی هاوڕێی دێرینمدا لەشەقامی باکەر مابوینەوە، ئێوارەیەکی شێدارو زریاناوی بوو. لەدەرەوەش بارانێکی بەخورەباری، لەپڕدا یەکێك لەدەرگای دا. بەسەرسامی یەکەوەسەیری هاوڕێکەمم کردو ووتم: ئەبێت ئەمە کێ بێت؟ ئەبێت بەم بارانە بۆکارێك هاتبێت؟ شارلك هۆڵمز بە منی ووت ئەمە گرنگە. پاشان ووتی وەرە ژوورەوە. پیاوێکی گەنج هاتەژوورەوە، تەر بوو بوومانووو خەمباربوو، ووتی: من هاتووم داوای یارمەتی بکەم. گوێم لێبوو ئەیووت نازانم چی بکەم.هۆڵمز ووتی: دانیشەو چیت هەیە پێم بڵێ...

پیاوه گەنجەکە دانیشتوو قاچەتەرەکانی لەئاگرەکە نزیک کردەوە، دەستی پێکرد، ناوم جۆهان ئۆپینشاوە، جۆسیپی باوکم برایەکی هەیە، بەشێوەیەکی تر مامە ئیلیاس، لەکاتی گ نبیدا چووەلەئەمریکا بژی، هەندێك پارەی لەوێ کۆکردبووە، ئەمریکاییەکە رەش پێستەکانی خۆش نەویستووە، بۆیە لەشەڕی ناوخۆدا دژی پیاوەکانی باکور دەجەنگا، هەروەها لەگەڵ هەندێکی باشوریشدا هەردەجەنگا، بەڵام کاتێك باشوریەکان شەڕەکەیان دۆڕاند، کاتێك یەکسان بونەوە لەگەڵ رەش پێستەکاندا، مامە ئیلیاس ئەمەریکای بەجێهێشت و لە ساڵی (١٨٦٩) گەڕایەوە بۆ ئینگلتەراو لە خانویەکی گەورەدا ئە ژیا، پیاوێکی سەیرو دڵناخۆش بوو، هیچ کەسی بە هاوڕێ نەدەویست، جۆهان ئۆپینشاو بەردەوام بوو لەقسەکانی، هەمیشە رەشبین بوو، بەڵام منی خۆش ئەویست، کاتێك تەمەنم دوانزە ساڵ بوو، چووم بۆ ماڵەکەی مامە ئیلیاس، زۆر بە سۆز بوو لەگەڵمدا، ئەمتوانی بچم بۆ هەموو شوێنێکی ماڵەکەی، بەڵام ژوورێکی بچوك هەبوو لەسەربانی خانووەکە بەهەمیشەیی داخرابوو، کەس نەیئەتوانی بچێتە ناو ئەو ژوورەوە.

ڕۆژێکیان مامە ئیلیاس نامەیەکی بۆهات لە پۆندێنچیری هندەوە. ئەیوت: من کەس ناناسم لە پۆندێنچیری، بەڵام کاتێك زەرفی نامەکەی کردەوە، پێنج ناوکە پرتەقاڵی بچوك لەنامەکە کەوتنە خوارەوە بۆسەرقاپەکەی بەردەمی، خەریك بوو دەست بکەم بەپێکەنین، بەڵام کاتێك دەموچاوە زەردەهڵگەڕاوەکەی مامم بینی پێنەکەنیم، مامم هاواریکرد: KKK ئاخ خوایەگیان، ئەوان دۆزیمیانەوە،!

ووتم: مەبەستت کێیە؟ مامە.

قیژاندی و بەسەر قادرمەکاندا ڕایکردو ووتی: مردوو..

سەیرێکی زەرفی نامەکەم کرد، لەدواوە سێ نیشانەی (Ks) لەسەربوون. کەنوسین نەبوو، کێ ئەمەی ناردووە؟ باشە بۆچی مامم بەو جۆرە ئەترسێت؟ مامە ئیلیاس ڕاستەوخۆ بەرەو ژورە نهێنییەکە ڕۆشت. و سندوقێکی دەرهێنا کە نیشانەی (Ks) لەسەربوو. هەموو وەرەقەکانی ناوسندوقەکەی سوتاندو بە منی ووت: جۆن من ئەزانم کە بەم نزیکانە دەمرم، براکەم کە باوکی تۆیە دوای مردنم هەموو پارەو خانووەکەم بۆئەو دەبێت، لەپاشانیشدا دوای مردنی ئەو هەمویان بۆ تۆ دەبێت. هیوادارم تۆ بتوانیت پێی بگەیت و بەخۆشی بگوزەرێیت تیایدا، بەڵام ئەگەر وا نەبیت، ئەوا دەچێتە ژێر دەستی خراپترین دوژمنت، من لەوە دەترسم کە هەر لەگەڵ مردنمدا پارەکانم بچێتە ژێر دەستی ئەوانەوە. لەمەبەستی ئەو تێنەگەیشتم، لەو چەند هەفتەیەشدا هیچ ڕووی نەدا، هەستم بە هیچ شتێکی خراپ نەئەکرد، بەڵام مامم زۆر ئەترسا، بەدرێژایی کات لەژوورەکەیدا دەمایەوە، زۆر لە جارانی پێشوو زیاتری ئەخواردەوە، زۆر بەدیقەتەوە هەموو دەرگاکانی دائەخست، پاشان شەوێکیان زۆر سەرشێتانە خواردیەوەو وەحشیانە لەماڵ هاتەدەرەوە، بۆ بەیانی بە مردوویی لەڕوباریکدا دۆزیمانەوە، پۆلیس ووتیان: خۆی کوشتووە! بەڵام من ئەمزانی لەوە ئەترسا بمرێت، بەڵام نەمزانی ئایائەوە ڕاستە!، هۆڵمز چەند چرکەیەک قسەکانی بەپیاوە گەنجەکە بڕی و، ووتی پێم بڵێ کەی مامت ئەو نامانەی لەهندەوە بۆهات؟ وەکەی مرد؟ جۆهان ئۆپینشاو وەڵامی

دایەوە: نامەکان لە (١٠) ی مارچ ی ١٨٨٣ ڕاگەیشتن. حەوت ما
دوای ئەوەش مرد، هۆڵمز ووتی: سوپاس بەردەوامبە..

دوای ئەوەی مامم مرد، باوکم چووە خانووەکەوە، بەسیقەوە پێم
ووت، کەزۆر بەووردی و دیقەتەوە لەو ژوورە داخراوە بڕوانێت، بەڵام
هیچ شتێکی گرنگمان نەدۆزی یەوە.

٢

تۆوێکی زۆر

جۆن ئۆپنشاوو، ووتی: هەتا سااڵێك دوای ئەوە هەمووشتێك
بەباشی دەڕۆشت، بەڵام بەیانی یەکیان باوکم نامەیەکی کردەوە پێنج
ناوکی پرتەقاڵی لێکەوتە خوارەوە، باوکم پرسی ئەمە واتای چییە
جۆن؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەموچاوی زەردهەڵگەڕابوو، ووتم: سەیرکە
نیشانەی) (KKK لەسەرزەرفەکەیە، ئەم پیتانە لەسەرنامەکەی مامە
ئیلیاسیش بوون، ئێمە هەردووکمان ئەترساین. لەوکاتەدا ووتی:
بەڵێ، ناوکەکان لەباخەکەدا دابنێ. کام ناوکانە؟ ئەو ناوکانەی لەناو
سندوقەکەی مامە ئیلیاسدا بوون. ووتم: بەڵام ئەو هەموویانی
سوتاند. باوکم ووتی باشە ئەم نامانە لەلایەن کێوە هاتوون؟ سەیرێکی
زەرفی نامەکەی کرد، دۆندی سکۆتلاند! بەڵێ، من هیچ دەربارەی ئەم
ناوك و وەرەقانە نازانم. من هیچ شتێکم نەکردووە. ووتم: باوکە تۆ
ئەتوانیت بە پۆلیس بڵێیت. نامەکانم بیرکەوتەوە کە لەهندەوە بۆمامم
هاتبوون، زۆر بێتاقەتبووم، باوکم هەر ئەیووتەوە، ئەوانە پێم
پێئەکەنن باهەرلەبیری خۆمانیان ببەینەوە. سێ ڕۆژ دوای ئەوە باوکە

هەژارەکەم چوو سەردانی هاوڕێیەکی دێرینی بکات کە چەند میلێك دوور بوو لێمانەوە. بەڵام بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە، پۆلیسیش ووتیان ئەو بەتاریکی گەڕاوەتەوە بۆماڵەوە بۆیە لەگردەکە کەوتۆتە خوارەوە، زۆر بەخراپی بریندار بووبوو پاش ماوەیەکی کەم مرد، ئەوان وایان ئەزانی ئەمە ڕووداوێك بووە، بەڵام من بەوە ڕازی نەبووم و باوەڕم نەکرد، وامدەزانی کە بە ئەنقەست کوژراوە، نەمئەتوانی ئەو پێنج ناوکی پرتەقاڵە و ئەو نامە سەیرانە لەبیربکەم کە بۆ مامە ئەلیاس و باوکم ئەهاتن، بەڵام هەوڵم ئەدابیرم بچێتەوە، وانزیکەی سێ ساڵەخۆم بەتەنیا لەو خانووەدائەژیم، دوێنێش ئەمەم بۆهات: پیاوەگەنجەکە زەرفی نامەیەکی نیشان داین کە نیشانەی KKK ی لەسەربوو، لەگەڵ پێنج ناوکەپرتەقاڵی بچوك، ووتی: سەیرکەن، ئەمە لەخۆرهەڵاتی لەندەنەوە هاتووە، کەتیایدا نوسرابوو: وەرەقەکان لەباخەکەدا دابنێ: ئەمە هەر ئەو ووشانەن کە لەنامەیەکدا بۆباوکم هاتبوون، هۆڵمز ووتی: ئەی لەمەولا ئەتەوێ چی بکەیت؟

ئۆپەرشاوو ووتی: هیچ ... هەردوو دەستی گرت بەسەریەوە. نازانم چی بکەم من ئەترسم! هۆڵمز هاواریکرد: هیچ ؟! کوڕی باش تۆ دەبێت بە خێرایی هەندێك شت بکەیت. تۆ لەمەترسیدایت!!

ئۆپشاوا بەخەمباری یەوە ووتی: بەدڵنیایی من ئەمەم دەبرد بۆ پۆلیس. بەڵام پێم پێئەکەنن، ئەوان وای بۆ ئەچن کە هیچ شتێکی وانیە گرنگی پێبدرێت و هۆکاری خەمباری و ناڕەحەتی بێت. هۆڵمز هاواری کرد: چۆن ئەوان لەسەرئەمە بێدەنگ بوون؟! باشە تۆ بۆچی ڕاستەوخۆ نەهاتی بۆلای من؟ دوژمنەکانی تۆ لەدوو ڕۆژ زیاتریان

پێویست نی یە بۆ دانانی پلانێك. تۆ هیچت نەدۆزیوەتەوە کەبتوانی یارمەتی ئێمەی پێبدەیت؟ جۆن تۆپشاوو ووتی: بەڵێ ئەمەم لەژووڕە داخراوەکەدا دۆزییەوە. پاشماوەی چەند پاچە وەرەقەیەکی سوتاوی نیشان دایـن. ئەمانـە لەگـەڵ وەرەقـەکانی مـامم دابـوون، کەلـە دەستوخەتی خۆی نەچن تیایداهاتبوو:

لە (٧)ی ماچ ی (١٨٦٩) ئەم تۆوانە بۆسێ کەس نێردراون

براون. ڕۆبنسەن لەگەڵ وولیام.

لە (٩)ی ماچ براون کۆچی کرد.

لە (١٠)ی ماچ وولیام کۆچی کرد.

لە (١٢)ی ماچ ڕۆبنسەن سەردانێکی کردو کۆتایی بە ئیشەکەی هێنا لەگەڵیاندا.

شارلك هۆڵمز ووتی: سوباس. ئێستا تۆ پێویستە بەخێرایی بگەڕێیتەوە بۆماڵەوە. ئەم وەرەقانە بخەرەوە ناو سندوقەکەی مامتەوە. لەنامەیەکدا تیایدا بنووسە کەمامت هەموو وەرەقەکانی تری سوتاندووە. پاشان سندوقەکە لەدەرەوەی باخەکەدا دابنێ، هیوادارم دوژمنەکانت بەمە دڵخۆش بن. دڵنیابە لەوەی کەتۆ زۆر لەمەترسیدا دەبیت تۆ چۆن دەگەڕێیتەوە بۆماڵەوە؟!

ئۆپشاوا ئەیوتەوە: لە مەوقیفی واتیرلۆوە بە شەمەندنەفەر، هەروەها خەڵکێکی زۆر لەسەرشەقامەکە دەبن. من دەزانم تۆزۆر باش دەبیت بەلاّم وورپابەو ئاگات لەخۆت بێت!

ئۆپشاوا ووتی: سوپاست دەکەم مستەر هۆڵمز. من هەموونەو شتانە دەکەم کە تۆ پێت ووتوم. لەشەوێکی تاریکی باراناوی وشێدارداچووە دەرەوە.

KKK

شارلك هۆڵمز بە بێدەنگی دانیشتو سەیری ناگرەکەی دەکرد. پاشان پێی ووتم: جۆن ئۆپنشاوو بەڕاستی لەمەترسیدایە، بۆچی مامە ئیلیاسی ئەمەریکای بەجێهێشتووە؟! چونکە دوژمنی هەبووە. کاتێك هەستی بەترس کردووە گەڕاوەتەوە بۆ ئینگلتەرا، باشە بۆچی بەتەنیا ژیاوەو زۆرچاو کراوە بووەو بەحەزەرەوە هەموو دەرگاکانی لەسەر خۆی داخستووە پاشان ئەو نامانەی لەکوێوە بۆ دەهات؟! تۆ دەزانیت؟ وەلاّمیم دایەوە: یەکەمیان لە پۆنۆچری لەهندەوە بۆهاتبوو، دووەمیش لەدۆندی سکوتلەنداوە، سێیەمیشیان لەخۆرهەلاّتی لەندەنەوە.

هۆڵمزپرسی: ئەمانەُ ئاماژەبەهیچ دەکەن بەڕای تۆ؟ ئەوان هەموویان پۆلیسی دەریایی بوون، ئەوکەسەی کەنامەکانی نوسیوە لەسەرکەشتی بووە کاتێك نوسیویانیەتی، من ئەموتەوە، و لەگەلّ وەلاّمەکەمدا تکام لێدەکرد، هۆڵمزووتی: زۆرباشە واتسۆن، کەسانێك هەندێك تۆویان لەهندەوە ناردووە، پاشان حەوت حەفتەدوای ئەوە هاتوون بۆکوشتنی مامە ئیلیاس، پاشان هەندێك تۆوی لە سکوتلەنداوە ناردووە، پاشان سێ رۆژدوای ئەوە هاتووە بۆکوشتنی باوکی جۆن. ئێستا نەزانیت بۆمن قەلەق و دوودڵم؟ ئێستاش چەند

تۆوێکی له لەندەوەنەوە بۆ جۆن ناردووە.! دووژمنەکانی جۆن ئێستا بە هەموو ئامادەباشی‌یەکەوە لەلەندەندان.! هاوارم کرد: باشە باشە هۆڵمز! ئەو پیاوە کێیە؟ من بڕانم لەیەک پیاو زیاترن، ئەوان دڕێژە پێدەری (Ku Klux Klan) نین. کە کورتکراوەکەی KKK یە. ئایا تۆ هەموو شتێکت دەربارەیان نەبیستووە؟ ئەوان گروپێکی زۆر نهێنی و شاراوەن لە باشووری ئەمریکا. ئەوان بۆ وەستاندنی یەکسانی لە نێوان ڕەش پێستەکاندا و وەهەموو ئەوانە بکوژن کەپێیان ڕازینین. پۆلیس نەیتوانی دەستگیریان بکات. بەڵام لەساڵی (١٨٦٩) مامە ئیلیاس، یەکێک بووە لەدڕێژە پێدەرانی ئەو گروپە نهێنی‌یە. لەپڕێکدا نەمریکای بەجێهێشتووەو هەموو وەرەقەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەدوای ئەوەوە گروپەکە نەیانتوانیوە بەردەوام بن لەسەرکارەکانیان. کەبەدڵنیایی‌یەوە گروپەکە ویستویانە ئەو وەرەقانە بگێڕنەوە بۆخۆیان. تۆپارچە وەرەقە سوتاوەکانت بیرە؟ ئەوە یادگاری ڕۆژانەی مامە ئیلیاس بووە، ئەو لەگەڵ KKK کاریکردووە. تۆوەکانی ناردووە بۆ ترساندنی ئەو سێ پیاوە. بۆنەوەی وولاتەکە بە جێبهێڵن. بەڵام کەسێکە کە KKK نەیانتوانیوە کارەکەیانی لەگەڵداتەواو بکەن. یان بیکوژن. KKK هەمیشە کاریان بۆ شتێکی لەم جۆرە کردووە. ووتم: بەدڵنیایی یەوە ئەیانەوێ ئۆپنشاووی لاویش بکوژن.

تەنها ئەوان کردبویان. بەیانی داهاتوو لەڕۆژنامەدا خوێندمانەوە کە جۆن ئۆپنشاوو مردووە. پیاوەکانی پۆلیس لەڕوبارێکدا نزیک مەوقیفی واترلۆ دۆزیویانەتەوە. پۆلیس ووتیان ئەوە ڕوداو بووە. بەلآم ئەم ڕوداوە هۆڵمزی زۆر تووڕەکردبوو. هات بۆلای من یارمەتی بدەم، بەلآم چەند پیاوێك بە ئانقەست کوشتیان.! ئەچم بۆ دۆزینەوەیان. ئەگە ە کۆتا ئیشیشم بێت کەئەیکەم.! ئەمانەی پێ ووتم وبەخێ ـ حمال چووە دەرەوە. ئێوارەکاتێك گەڕایەوە بۆمالەوە هەشەقامی بەیکەر، زۆر ماندووبوو بەلآم تکای کردو ووتی: واتسۆن! من ناوی دوژمنەکانی ئۆپنشاوو دەزانم! ئێستاش دەڕۆم بۆئەوەی موفاجەئەیەکیان بۆبنێرم.! ئەمەزۆر ئەیانترسێنێت! پێنج تۆو یان ناوکە پرتەقاڵی بردو خستیانیە ناوزەرفێکی نامەوە. لەسەرزەرفەکە ووسـ (S.H. for J.C) ئەمجارەیان من تۆوەکانم نارد، نەوەکو ـ.... لەشارلك هۆڵممزەوە بۆ کابتن جایمس کالۆن کەشتیکەی نەو ناوی ستاردبوو، ئێستا جایمس کالۆن و پیاوەکانی بەگەشتێکی دریایی دا ئەگەڕێنەوە بۆ جورجیا لەوویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .


پرسیم: هۆلمز تۆچۆن ئەوت دۆزیەوە؟ وتی: کاغەزی کەشتی، سەیری سەدەها لەوانەم کرد ئەمڕۆ. تەنهایەك کەشتی، ئەویش ستار. بوو لەکاتێکی گونجاودا لەکەناری دەریاکەدابوو، ئەم بەیانیەش ستار لەندەن بەجێدەهێڵێت و بەگەشتێك دەگەڕێتەوە بۆ جۆرجیا. منیش

لەدەرەوە ئەو کابتنەودووپیاویم دۆزیەوە، هەموویان ئەمریکایی بوون، شەوی ڕابردوو لەسەرکەشتی یەکە نەبوون، من دڵنیابووم کەئەوان جۆن ئۆپنشاووی هەژاریان کوشتبوو! کاتێك ئەوان ئەگەنە ئەمریکا، بەدڵنیایی تۆوەکان دەهێنن و پاشانیش پۆلیس دەستگیریان دەکات،...! شارلك هۆلمز لێکۆڵەرێکی زۆر زیرەك بوو، بەڵام ئەو نەیتوانی هیچ شتێك بکات لەگەڵ کەش و هەوادا، ئەو ساڵە زیانەکانی زستانی ناو دەریا هەمووئەم شتانەی خراپ کرد، بۆیە ستار بەهیچ جۆرێك نەگەیشتە جۆرجیا، کەسیش جارێکی تر کابتن و پیاوەکانی نەبینی یەوە، بکوژەکانی جۆن ئۆپبنشاوو، تۆوەکانیان نەهێنا، بەڵام...لەکۆتایی دا، مردن گەیشت بە هەمویان و لەدەریاکە خنکان.

*　　*　　*

١- بۆهیمیا ناوچەیەکە کۆمەڵێکی تیادا نیشتە جێیە لەنوسەران وهونەرمەندان، ژیانێکی بۆ هیمی دەژین کەپێی دەوترێت (دنیای بۆهیمیەکان).

کۆتایی....


SHERLOCK HOLMES
Short Stories
2006